# ئەفسانەی ماو تسی تۆنگ



کریس هارمان
و.لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان

خەڵکێکی زۆر لە چەپ باوەڕیانوایە سەرکردەی چین (ماو تسی تۆنگ -Mao Tse-tung) شۆڕشگێڕێکی مەزن بوو- لە هەمانکاتدا دەیخەنە ڕیزی کۆمەڵەی مارکس، ئەنگلس، لینین. لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانیشدا لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی دونیادا وێنەی (ماو)یان بەرز دەکردەوە.

ماو هەر ئەو کاتەش ئـاوا سەیری خۆی دەکـرد، کە لە سەر هەمان نەریتی سۆسیالیستی بەردەوامە، بەڵام دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمانی سەرکردەکانی وەکو خرۆشۆف و بریجنێف دەستبەرداری بوون و پشتیان تێکرد.

تاوەکو ئەمرۆش خەڵکانێک دەبینیت وێنەی ماو یان لە یەخەیان داوە، ئەوان باوەڕیانوایە ڕێبازی سیاسی ماویزم ئەڵتەرناتیڤە بۆ گەرمی ئەم سەردەمەی بازاری سەرمایەداری چین، لەهەمانکاتدا ئەو خەڵکانە ڕقیان لەم پەرتووکە تازەیە (ماو: چیرۆکێکی نادیار) Mao The Unknown Story لە نووسینی یۆنگ چەنگ و جۆن هالیدای Jung Chang, Jon Halliday، لە بەر ئەوەی پێیانوایە هەر لە سەرەتای پەرتووکەکەوە تاوەکو کۆتایی باسی ئاوابوونی هەرەسی ئەفسانەی ماو دەکات.

**لە برسا مراندن**

ئەم پەرتووکە نیشانیدەدات چۆن سیاسەتەکانی ماو بوەتە هۆکاری ئەوەی دەیان ملیۆن جووتیار لە برسێتیدا بمرن، لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازی جۆر بە جۆری ئەشکەنجەدان، تیرۆر و کوشتنی بە دەستی ئەنقەست لە لایەن دەوڵەتەوە- ئەم خوێن ڕێژییە تەنها لە دژی خاوەن زەویی و زارەکانی نیزامی کۆن نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر یان لە کەسە نزیکەکانی دەوروبەری خودی ماو بوون.

پشتیوانان و شاهیدانی ئەم ڕووداوانە ئەم کەسانەن کە ماو باش دەناسن، یاخود لەگەڵ ماو کاری سیاسییان کردووە، ئەم بەڵگەنامانەش لە ئەرشیفی وڵاتانی چین و ڕووسیادا دەستکەوتووە. لەوانەیە کەسانێک هەبێت ئینکاری لەم ڕاستییە بەڵگەنەویستانە بکات، بەڵام ئەو کەسایەتییە چەپانە بەم کارەیان هەوڵدەدەن لەتمە و زیان بە مەسەلەی سۆسیالیزم بگەیەنن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەرتووکە دوو هەڵەی تیایە:

یەکەم: دەستنیشانی ئەوە دەکـەن ئەم ڕاستیانە "چیرۆکێکی نادیارە". ئەوەی لە نووسەرەکان دەیبینرێ ئەوەیە، لەوانەیە ئـەوان هەردووکیان سەرسام بن بە "ئەفسانەی مـاو". یۆن چەنگ کچی یەکێک لە بەرپرسەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینە، و خوێندکاری گۆشکراوی قوتابخانەی ئەم ڕێبازە بووە لە چین لە ساڵی (١٩٦٠)دا، هەروەها جۆن هالیدای ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "ڕوانگەی چەپی نوێ" بووە و لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا نیمچە- ماویست بووە.

لە هەمانکاتدا بەشێکی تر لە چەپ وێنەیەکی نەگەتیڤی زۆر بایەخدار یان نیشانداوە و بەم ئەنجامگیریە گەیشتوون کە ڕژێمی ماو هەنگاوێک نەبوو بەرەو ڕزگاری مرۆڤایەتی. یەکێک لەم کەسایەتییانە، تۆنی کلیف (Tony Ciff) بووە، دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی سۆسیالیست- بەریتانیا، لە پەرتووکەکەیدا (٤٨) ساڵ لەمەوبەر (واتە ساڵی ١٩٤٧) ئەمەی خستەڕوو، هەروەها ئامادەکردنی چەند

زنجیره وتارێکی جیاواز لە گۆڤاری مانگانەی "ڕوانگەی سۆسیالیستی" (Socialist Review)، و گۆڤاری تیۆری "سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی" (International Socialism) و "ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست" (Socialist Worker) لە ساڵەکانی (١٩٦٠) دا لە سەر هەمان ڕێبازی پێشوو.

**بەبێ ڕاڤەکردن**

دووەمین، و گرنگترین هەڵەی پەرتووکەکەی چەنگ و هالیدای هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ سیاسەتەکانی ماو نەکردووە لە غەیری نیشاندانی ئەوەی کە ماو حەزو ئارەزووی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەبووە، بەڵام تەنیا ئەو کاتە تێدەگەیت چی ڕوویداوە لە چین ئەگەر تێروانینێک و وێنەیەکی بەرفراوانترت هەبێت، نەک تەنها سەیرکردنی سایکۆلۆژیەتی ماو.

لە یەکەمین دەیەی سەدەی ڕابردوودا لە چین، وەکو ئەوەی زۆربەی زۆر ئێمە دەیزانین و پێیدەڵێن جیهانی سێیەم، لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و یابان وێرانبوو. هەر یەکەیان چەند کۆلۆنییەکی بچووک بچووکیان دروست کرد و پێیاندەوت "ئیمتیازات" (concessions ) لە شارە گەورەکاندا و پشتیوانیکردن لە فەرماندەکانی جەنگ کە لە کێبرکێیەکی خوێناویدا بوون لە پێناوی کۆنترۆلکردنی تەواوی وڵات.

تەواوی نەوەی نوێ لە ڕووناکبیران و خوێندەوارانی چین هەستیان بە شەرمەزاری گەورە دەکرد، لەوەی ڕوویداوە بە سەر وڵاتەکەیاندا، کە کۆنترین و مەزنترین شارستانیەتی جیهانییە.

ئەوان لە بێ هیواییدا دەگەران بە دوای ئەڵتەرناتیڤێک- یەکەمین گۆڕانیان بەرەو ئایدیای لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەم بوو، لە سەر خوێندنەوەو ڕێچکەی کەسانێکی وەکو جۆن ستیوارت میل، دوای ئەوەش بەرەو ئایدیای "مافی چارەی خۆنوسینی نیشتیمانی" کە ئەم ڕێبازەش بەکارهاتبوو لەلایەن سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا ودرۆ ویلسن بۆ ڕزگاری وڵاتەکەی لە دەست دەسەڵاتخوازی ئیمپریالیستی.

لە کۆتایشدا هەنگاویان هەڵگرت بەرەو ڕێبازی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)، کە تازەگی دەسەڵاتی ڕووسیای ئیمپریالی دراوسێیانی شکست پێهێنابوو.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٠) دا، دەستەیەک لە چالاکوانان، یەکێک لەوانەش ماو، هەموویان بە یەکەوە (پارتی کۆمۆنیستی چین) یان دامەزراند. لە سەرەتادا تێکۆشانیان بچووک بوو، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە ناو ناوەندەکانی چینی کرێکاران دا بوون لە هەوڵی خۆئامادەکردندا بوون بۆ پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانە لە دژی ئیمپریالیزم و ستەمکاران.

شەپۆلێکی مەزن لە خەباتی "کرێکاران" هەموو شارەکانی گرتەوە، کاریگەری قووڵی کردە سەر ژمارەیەکی بەرفراوان لە ڕۆشنبیرانی چینی ناوەراست و ئەوەی بۆ بیروڕای گشتی نیشاندا کە ڕێبازی ڕووسیا هەنگاوێکە بۆپێشەوە.

تەواوی فەرمانڕەوایانی بەربەریزمی سەرمایەداری جیهانی ئامادەن بۆ بینینی مەرگی مرۆڤەکان، ئەگەر پێویست بکات، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان بۆ بە دەستهێنانی سەروەت وسامان و خۆپڕچەکردن

یەکێک لە دەسەڵاتدارە بەهێزەکان بزووتنەوەی چەکداری (فەرماندەکانی سوپا) بوو، چیانگ کای- شێک لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی دا هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا دەستپێکرد، بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی و لێهاتووی ڕووسەکان بۆ مەشقپێکردنی سوپاکەی خۆی. ئەو گروپەش کە ئەو کات دەسەڵاتدار بوو لە ڕووسیا لە ژێر سەرۆکایەتی ستالیندا بوون، بە پارتی کۆمۆنیستی چینی ڕاگەیاند کە یارمەتی و هاوکاری چیانگ کای- شێک بکەن بۆ بەهێزکردن و بنیاتنانی سوپاکەی چیانگ.

**مناوەرات**

شەپۆلێکی شۆڕشگێڕیی نیشتیمانی تەواوی وڵاتی داپۆشی، لە ساڵی ١٩٢٧ دا گەیشتە لوتکەی خۆی، ئەو کاتە بوو کە "کرێکاران" ڕاپەرین و دەستیانگرت بە سەر شاری شەنگهای، دواتریش تەسلیمی دەستی چیانگ کای- شێک یان کرد، بەڵام بەشێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە لە ناو ڕیزەکانی سوپادا نارازیی بوون و دەیانوت شۆڕش تەنها بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیستە بیانییەکان نییە.

لەو سەردەمانەی کە سوپای چیانگ کای- شێک، شاری شەنگهایان کۆنترۆلکرد، یەکسەر، لولەی چەکەکانیان وەرگێڕا بۆ سەر کرێکاران و ڕێکخراوەکانی چینی

کرێکارانیان تەفروتونا کرد. دەسەڵاتی عەسکەرتاریەت هەزاران هەزار کەسی کوشت و لە ناوبرد، زیاتر لە کوشتاری ئیسپانیاییەکان لە کاتی سەرکەوتنی هێزە فاشیستەکان لە جەنگی ناوخۆییدا، یاخود زیاتر لە شیلییەکان ئەو کاتەی پینۆشە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت لە کودەتای ساڵی (١٩٧٣) دا.

چاڵاکوانە شۆرشگێرەکان بە زۆری بەم شێوەیە توانیان بمێنەوە و درێژە بە ژیانیان بدەن، رووبانکردە گوندەکان و لە لایەن بەشێک لە سوپای نیشتیمانی پشتیوانییان لێکردن و لەوێدا توانیان بنکەی گەریلایی دامەزرێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوێدا (لە لادێکان) بۆ یەکەم جار میتۆدێکییان بەکارهێنا بۆ کار کردن، کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دیموکراسی جەماوەری کە پشتی بە هەڵکشان و داکشانی خەباتی کرێکاران دەبەست، بەڵام لە سوپای گەریلاییدا تەنیا سوپایە و بەس. کە دامەزراوە لە سەر بنچینەی دیسپلینی توند لە سەرەوە بۆ خوارەوە. جیاواز لەمانە هیچی تر نەبوو ئەنجامی بدەن ، تەنها ئەوە نەبێت خۆیان تێر بکەن بە خواردنی جوتیارانی ناوچەکە، هەروەها نزیک بوونەوە لەم جوتیارانەی کە لە برسێتی دا دەمردن.

سوننەت و خوو رەوشتی پارتی کۆمۆنیستی چین زۆر گۆرانی بە سەردا هات. بەشێکی رادیکالی چینی ناوەراست کاتێ پەیوەستبوو بە بزوتنەوەی کرێکاران لە ساڵی (١٩٢٠)دا، بەڵام ئێستا وەکو سەرهەنگێکی سەربازی کار دەکات و ژیان دەکات. لە تەنیشت جووتیارێک ژیان دەبەنە سەرو و لەگەڵ ئەوەشدا بەکاریاندەهێنن لە تێکۆشاندا لە پێناوی شەری خۆیاندا.

ئەم ئاڵوگۆرانە لە دەرەوە لە لایەن ستالینەوە پشتیوانی لێدەکرا. ئەو (ستالین) زۆربەی ئەندامە کۆنەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینی دەرپەراند، بە تایبەتیش ئەوانەی هاورابوون لەگەڵ لیۆن ترۆتسکی لە رەخنەگرتن لەو هاوپەیمانییەتی لەگەڵ چیانگ کای _شێکدا ئەنجام درابوو.

## لە باڵاوە بۆ پایین

ئەو جێگاورێگایەی کە سەرکردەکان بە دەستیان هێنا بوو لە سەر رێچکەی لە باڵاوە بۆ پاین دامەزرابوو، ئەو شێوازە لە دیسپلین لە رووسیای ستالینیدا باڵادەست بوو ، کە جووت بوو لەگەڵ کارکردی سوپای گەریلایی.

ئەو هەموو پاڵپشتیکردن و هاندان و بەدکردارییە لە خراپترین جۆری پیلانگێری کەسێتیدا، خۆی لە خۆیدا بۆ لە ناوبردنی گرنگترین مشت ومری راستگۆیانەیە و لە هەمانکاتدا نیگەرانییە لە جەماوەری خەڵک.

ئەم مۆدێلەی بە سەر کێشەی چین دا زاڵ بوو، تەنها رێگا بۆ دوایی پێهێنانی بەرپابوونی شۆرشە لە پایینەوە (لە خوارەوە)، بە بەشداری راستەقینەی دیموکراسی کرێکاران. لە جیاتی ئەو کۆپییەی ستالین کردی لە رووسیا– دووبارە کردنەوەی بە پیشە پیشەسازیکردن لە سەر شانی رەنج و ماندووبوونی کرێکاران و جووتیاران.

ئەوەی دەبینرێت پەروەردەکردنی ئەو بەشە بەرفراوانەی چینی ناوەراستە لە چین، هەروەها لە زۆربەی بەشەکانی تری وڵاتانی جیهان– کە هۆکارێکە بۆ شکانی نیشتیمان و ئیدانەکردنی ئەو بابەتە ناپەسەند و بێ پاداشتانە.

مۆدێلی ستالینی لە سەردەمانی ساڵانی (١٩٣٠ –١٩٤٠)دا نەشونمایکرد. رژێمی چیانگ کای– شێک، لە ساڵی (١٩٢٧) دا رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ دەسەڵاتدارە بیانییەکان و فەرماندەکانی سوپا مۆرکرد بۆ پلیشاندنەوەی کرێکاران. بەدەرکەوت کە بێ توانایە لە پێشکەشکردنی هەست و سۆز و ئامانجی نیشتیمانی و بەرەنگاریبوونەوە لە بەرامبەر هێرشی سوپای یابان لەساڵی (١٩٣٧) دا.

لە دواییدا هەتا بەشێک لە فەرمانده‌کانی سوپای چیانگ






کای- شتێک هەستی ڕاکێشان بۆ لای (ماو) یان هەبوو، لە ساڵی (١٩٤٩)ڕێگایان دا سوپای ماو بە تەواوی لە سەرزەمینی وڵات بڵاوبێتەوە.

**بزووتنەوەی جەماوەری**

پەرتووکی ماو: چیرۆکێکی نادیار هەندێ زانیاری تازە لە سەر ئەو سەردەمە پێشکەشدەکات، بەڵام کورتی هێناوە لە بە یەک بەستنەوەی سەرکەوتنەکان و شکستەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری.

لە جیاتی پشت پێبەستن بەم کلێشە نەپاڵێوراوەی بۆ وێنە وەکو ماو پەیوەندیکرد بە پارتی کۆمۆنیستی چین بە بێ بوونی پیشەیەک، لەکاتێدا پارتی کۆمۆنیست (٥٧) ئەندامی هەبوو، یاخود ڕژێمی شۆڕشگێریی لە رووسیا لە ساڵی (1920) دا نیەتی یان "تێکۆپێکدان" ی چین بووە لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی دەسەڵاتی وڵاتی خۆیان.

لەم پەرتووکەدا بە هیچ جۆرێک هەست ناکەیت باسی دەسەڵات و هێزی بزووتنەوەی کرێکاران بکرێت لە ساڵانی بیستەکاندا. لە پەیوەند بەمەوە، پەرتووکە تازەکەی پاتریک لیسکۆت، (Patrick Lescot)بـە ناوی "پێش ماو" (Before Mao)، کە لە سەر ژیاننامەی سەرکردەیەکی تری پارتی کۆمۆنیستی چین نوسراوە بە ناوی لی لیسان Li Lisan زۆر بایەخدار ترە.

بۆ چانگ و هالیدای، سەرکەوتنی کۆتایی ماو بە شێوەیەکی سادە ئەم ئەنجامگیریییە دەدات بە دەستەوە کە بە کۆمەکی رووسیا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە، "Mole" لە نێوان هێزەکانی چیانگ کای- شێک و هەڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەم پەرتووکە لەوانەیە لەم شوێنەوە دروستبێت کە باس لە ژمێریاریی ڕابردووی گۆڕانکارییەکانی دەورونەخشی ماو دەکات لە ڕێپێوانە بەناوبانگەکەی بە ناوی (Long March)، بەڵام بە گشتی ناسەرکەوتووە لە لێکدانەوەی یەکەم سەرکەوتنی کۆنترۆڵکردنی پارتی کۆمۆنیستی چین و دواتریش لە شکست هێنانی چیانگ کای- شێک.

مێژوو بە تەنها بەرهەم و ئەنجامگیری سەیروسەمەرەی تاکەکەسی نییە، لێرەدا زۆر بە ڕۆشنی کەسایەتییەکی بەدکردار لە ڕەفتاری ماو دا هەیە، بەڵام ئەمە هەلومەرجێکی تایبەت دروستیکردووەو هێناویەتیە پێش. کە ڕێگای پێداوە بەم شێوە ڕووداوەکان ڕووبدەن.

بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە بۆ یەک جار ماو لە دەسەڵات بوو. ئەو ڕژێمەی ئەو پێکیهێنا، پشتی بەستبوو بە بەشێک لە خوێندەوارانی چینی ناوەڕاست، هەروەها ڕێکخستن یان لە ڕێگای پارتێکی دیکتاتۆری. ئەوان کۆنترۆڵی هەلومەرجەکەیان کرد و سوپای جووتیارانیان بەکارهێنا وەکو خۆراکی جەنگ.

ئامانجی چینایەتی ئەم گروپە فەرمانڕەوایە ئەوەبوو چین ببێتە دەسەڵاتدارێکی مەزن لە تەنیشت دەسەڵاتدارە مەزنەکانی تر. خاڵی گرنگ بۆ ئەوان ئەوە بوو بنیاتنانی پیشەسازییەکی مۆدێرن و بەرهەمهێنانی چەکی مۆدێرن، هاوتا(هاوسەنگ) بێت وەکو ئەوانی تر لە تەواوی دونیادا.

ئەوە تەنها کەڵکەڵەی (خولیا) کەسایەتی نەخۆشی ماو نەبوو.

**گرتنەوە (پێگەیشتنەوە)**

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرانی ئەم پەرتووکە باس لە گرنگی و ڕێگرییەکانی پەرەسەندنی دارایی دەکەن لە ڕێگای هەناردنە دەرەوەی خۆراک، لەبەرئەوەی چین لەو دەورانەدا زۆر هەژار بوو، تەنیا دەیتوانی لە ڕێگای دەستبەسەرداگرتنی زەوی وزاری جوتیارانی برسییەوە ئەمە مەیسەر بکات، ئەمانە بوون بە هۆکار بۆ برسیەتی و مەرگی دەیان ملیۆن جووتیار.

هەتا ئەمانەش بەس نەبوون تاوەکو ئامانجەکانی ماو بێنێتە دی بۆ پێگەیشتنەوە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دە بۆ پازدە ساڵی ڕابردوو. لێرەدا زۆر بە ڕۆشنی زنجیرەیەک ناکۆکی وتەمو مژاوی مەرگ بار لە ناو ڕابەرایەتی چین دەردەکەوێت.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، لە دەورانی "شۆڕشی ڕۆشبیری" دا دەستیانکرد بە سیاسەتی پاکردنەوەی ڕۆشنبیران و شارەزایان، ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو تاوەکو کوشتنی سەرۆکی وڵات لیۆ شەوکی (Liu Shaoqi)، و کوشتنی سەرۆکی هێزە سەربازییەکان لین بیاو (Lin Biao)، بە بیانوی ڕاکردنیان لە وڵات، هەروەها دوا بە دوای مەرگی ماو، زیندانیکردنی هاوسەری ماو و بە دەسەڵات گەیشتنی دینگ شیاو بینگ(Deng Xiaoping).

ئامانجی سیاسەتی پێگەیشتنەوە بە ڕۆژئاوا و زیاد بوونی دەسەڵاتی ملیتاریزمی چین بە مەرگی ماو کۆتایی نەهات، بەڵام ئێستا لە ڕێگای بەشداربوون بە بازاری جیهانییەوە جێبەجێدەکرێت. ئەم سیاسەتە بووە هۆی گەشەسەندنی ئابووری و خۆشگوزەرانی بەشێکی بەرفراوانی چینی

ناوەراست لە ناو شارەکاندا.

بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەم بارودۆخە خراپ و نالەبارە ناوچەیەکی بەرین و مەزنی لادێکانی گرتووەتەوە، هەر وەکو دەبینین لە فلیمێکی چینی بە ناوی "نا بۆ کەسێکی تر" (Not One More) کە لە سەر قوتابخانەی لادێ و، تیرەی کوێرانە (Blind Shaft) لە سەر کرێکارانی بەردی خەلووزە.

لاوازترین خاڵی ئەم پەرتووکە ئەوەیە، ماو بە شەیتانێکی نایەکسان و لەگەڵ ئەوەشدا "بەرپرسیار لە مردنی (٧٠) ملیۆن کەس لە سەردەمی ئاشتیدا"– دەزانێ، هەروەها "زۆر خراپتر لە هیتلەر و ستالین".

تـــەواوی فەرمانرەوایانی بەربەریزمی سەرمایەداری جیهانی ئامادەن بۆ بینینی مەرگی مرۆڤەکان، ئەگەر پێویست بکات، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان بۆ بە دەستهێنانی سەروەت وسامان و خۆپرچەکردن.

پەسەندکردنی ئابلۆقەی ئابووری بە سەر عێراقدا، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی نیو ملیۆن منداڵ لە ماوەی (١٠) ساڵدا، هەروەها ئەوان دڵشادن بە تەقینەوەکان لە شارەکانی وەکو بەلگراد، یاخود فەلوجە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لایەنگیری لە سیستەمێک دەکەن، کە دەبینن لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەموو رۆژێـــک پەنجا هـــەزار مرۆڤ بە هۆکاری برسیەتی دەمرن. ئەمەش مانای ئەوەیە لە ماوەی چوار ساڵدا مرۆڤەکان زیاتر دەمرن لەوەی لە ژێر سایەی رژێمی ماو دا مردن.

## دەربارەی نووسەر:

کریس هارمان (Chris Harman) لە (٨ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٢ لە لەندەن لە دایک بووە– و لە(٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩)لە ڤیستیڤاڵی مارکسیزم لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە). ئەو چالاکوان و رۆژنامەنووسێکی سۆسیالیست، و مێژوونووس و بیرمەندێکی مارکسیست بـــووە، پێش هەموو ئەمانەش ئەو سۆسیالیستێکی شۆرشگێر بوو.

کریس یەکێک بووە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست– بەریتانیا(Socialist Workers Party)، بۆماوەی ٢٠ ساڵ سەرنووسەری رۆژنامەی "کرێکاری سۆسیالیست"(Socialist Worker) ، هەروەها ماوەیەکی زۆریش سەرنووسەری گۆڤاری وەرزی تیۆری سۆسیالیستی "سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی" (International Socialism) بووە. بۆ ئاشنایەتی زیاتر بە ئایدیا و بیروبۆچوونەکانی کریس هارمان دەتوانی سەردانی ماڵپەری ئەرشیفی مارکسیستەکان بکەیت بەم ناونیشانە: http://www.marxists.org/archive/harman/index.htm

کریس نووسەری چەندین وتار، نامیلکە و پەرتووکە لەوانە:

- شۆرشی رووسیا چۆن شکستیهێنا؟.
- دوایین جۆش و خرۆشی رووداوەکانی (١٩٦٨ )و دوای ئەو.
- مارکسیزم چۆن کاردەکات؟.
- پێغەمبەر و پرۆلیتاریا.
- لێکدانەوەی ئەزمەی سەرمایەداری– لە روانگەی مارکسیستییەوە.
- چینی کرێکاران لە جیهان.
- رووسیا: لە دەوڵەتی کرێکارانەوە بۆ سەرمایەداری دەوڵەتی.
- شۆرش لە سەدەی بیست و یەکەم دا.
- مرۆڤ دروستکەری مێژووی جیهانە.
- سەرمایەداری خوای ئەژدیها (Zombie): ئەزمەی جیهانی و گرنگی مارکس.